# كۆمەڵگای دیگیتاڵ رووخسارەكانی

**ئاسۆ حامدی**

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا ئالوگۆرە تەكنەلۆژیاكان زۆر خێرا هەنگاو دەنێن، تەنانەت مرۆڤ بە وە ڕاناگا لەگەل خودی نوێخوازەكانی هەنگاو هەلگری، شەپۆلەكانی ئەوەندە خێران..تەنها ئەگەر سەرمایەكی بێ وێنەت هەبی..
دیگیتال بوونی كۆمەلگا یانی هەموو پەیوەندیەكان، كارو هەلسوورانی دام و دەزگاكان، ئامرازەكانی و هۆیەكانی بەڕێوەچوونی كۆمەلگا لە رێگای ئامێرەكانەوە دەبێ.لە ئەنجامی ئەنجامەكاندا مرۆڤ دەبێتە وابەستەی ئامرازەكان كە دروستی كردوون.
مرۆڤ خۆی زەینێكی شاراوەی بەهێزی هەیە، مرۆڤ كۆكراوەی گشتە، هەموو زەینی مرۆڤ گەورەترین دەستكەوتەكانی لە چەشنی حەوت سەرسورهینەرەكانی دونیای پێكهێناوە،مرۆڤ واوەتر دەچێ لە ژمارە حەوت دا.... كۆمەلگای دیگتال سەرسورهینەری هەشتەمە و واوەتریش دەچێ..
رۆبۆتەكان جێگای هێزی كاری ماندوونەناسەكان دەگرنەوە،سێرڤەرە گەورەكانی تۆرەكانی ئنتەرتێتی كۆمپانیاكانی مەزنی سەرمایەداری سەدان كەرمەند دەخەنە ریزی سوپای بیكاران..هتد. هتد سەدان نموونەی تر خودی ئەو كارمەندەی درووستی كردوون، خۆی هەرەشەی دەركردنی لێدەكری.دەوری بانكەكان ، بۆرسە تا لووتی مرۆڤ چووە كاریگەری وا كردووە كە مرۆڤ ئەسیری هەموو پەیوەندیەكانیەتی. جوتیارەكان زیاتر لە كارمەندان ئەسیری ئەم پەیوەندیانەن. بورسە لەمەدا هەر زۆر رۆیشتووە نەک هەر ئابووری یانی ژیرخان بەلكو سەرخانیشی هەراسان كردووە. بە نموونە وەرزش ، میدیا باشترین كالان بۆ بۆرسە كان. كارتیلەكانی سەرمایەداران وا زەبەلاح بوونە مرۆڤ قووت دەدەن.لۆمپنی رێكخراو و دەزگاكانی ماڤیای لە گەشەدان، راسیزمی نوێ یەک لە ئیفرازاتەكانی بۆرسە و كارتیلەكانە.....هتد. خیزان هێواش هێواش دەوری كەم دەبێتەوەو نەوەكان زیاتر پشت بە خۆ گەورەدەبن، ئەمە رەفزی ئەوەناكاتەوە كە خێزانە هەروا یەک لە بناماكانی سەرمایەداریە.

كارئاسانی ژیان و گوزەران، خۆشگوزەرانی،پێشكەوتن لەباری چۆنایەتیەكانی كۆمەلگا..لایەنە گەشەكانی ئەم كۆمەلگایەن.
پەیوەندیە سەرەكیەكانی سۆسیال ئاڵوگۆری جددیان بەسەرداهاتووە،مندالان تەمەنییان لە خۆیان گەورەترە. زووتر دەچنە ناخی كۆمەلگا.
فەرهەنگی مرۆڤەكان گۆرراوە،تاک.. لەم نیوەدا تاكە..سەیری بەرژەوەندیەكانی خۆی دەكات..لە یەک مالیشدا هەر وایە.
مەزهەب، دین لە نێو ئەم كۆمەلگای دیگتالدا سوودیان وەرگرتووە، بەقەدەر ئەوەی كە زەربەی گەورەیان خواردووە.
خەونی بوون و نەبوونی خوا رەویتەوە، كلێسەكان كەمتر پرن.
گەشەی ئایدۆلۆژیای مرۆڤ بە بەراوردكردنی كۆمەلگای تەكنەلۆژیای سەردەم لە یەک ئاستدا نین.ئاستی هۆشیاری سیاسی مرۆڤ بە مانای كلاسیكی چۆتە دواوە،مرۆڤ هەول دەدا لە مێژووی خۆیدا وانە وەربگری.مرۆڤ پابەندە بە رابردوو ئەمە كێشەیەكی گرنگی چینەكانی كۆمەلگای دیگیتالە..كارمەندوو خاوەنكار پەیوەندیەكانی بەرهەمهێنان گۆراوون. لە دونیای دیگیتال دا كارمەند پێوستی بە خاوەنكارە..بێكاری كوشندەترین دەردی ئەم كۆمەلگاییە.بازاڕی ئازادی كار بۆ هەمووانە كارمەندان * زۆرن و خاوەن كار كەمر..هەر بە یاسای ئیكۆنۆمی كلاسیكی خستنەروو و داواكاری...خاوەنكار دەستی والاترە.كێ ئەم بازارەی پێكهێناوە لێرەدا جێگای باس نیە.من باس لە كۆمەلگای وولاتانی سەرمایەداری ئەورووپای رۆژئاوا دەكەم. بەرهەم هەر لەدەستی كۆمەلە كەسانی چڕ بۆتەوە.هەموو شتێ لە بنەماكانی یاسایی لە كۆمەلگا ئەم هەقەی داوەتێ، مرۆڤەكان هەرچۆنییێ ئەم یاسایانەیان پێ قەبوولە.لە زۆر حالەتدا خاوەنكارەكان دەیانەوی پشت لەم یاسایانە بكەن. نیو لیبرالیزم ئیفرازاتی ئەم كۆمەلگایەیە. دەولەت لەم كۆمەلگایە بارگرانیە..نیولیبرالیزم دەیەوی هەموو بەرهەم و دامودەزگانی بەرهەمهینان پریڤاتتیزیرن(بەتاک كردنەوەی بەرهەم خاوەنی تاک-سەرمایەی خسوسی) بكات.ئەم هەنگاوە هەندەی تر بازاری كارو سەرمایە دەگۆرێ.تەنانەت هەموو دامووداموو دەزگاكانی كە پێشوو ناویان سەركوت كەر بوون لە پۆلیس و سەرباز( وەک هەر

کارمەندیکی ترن  قەراردادی کاری تایبەتیان هەیە لە گەل خاوەنکاردا هەموو یاساکانی نیوان کارو سەرمایە لەسەر ئەوانیش جیبەجی دەکری)، ئێستا بە سافیرەکانیان لە رۆژی مانگرتندا فیت فیتە دژی سەرمایەداران لێدەدەن. چینی کارمەندان دەیانەوی و دەبێ دەولەت وەک ئامرازی سۆسیال بە بەهێزی بمێنێتەوە تا کارە سۆسیالەکانی خۆی ئەنجام بدات.  چینی خاوەنکارەکان دەیانەوێ دەولەت شان لەبەر بەرپرسیارەتی کۆمالگا دەببەزێنێ .لە لایەکی تردا مل ملانێ نێوان چینی کارمەندان و خاوەنکار شێوەی تری وەرگرتووە.کێشە چینایەتیەکان لە هۆلەکانی یاساییدا یەکلادەکرێنەوە.
نارەزایەتی غەیرە یاسای دەبێ باجی بۆ بدرێ.
لە وولاتانی سەرمایەداری زلهیز کارمەندان بە شێکن لە بەرێوەبردنی کۆمەلگا جا هەر چۆنبن ئەمە مەسلەلەیەکی ترە. هەموو هێزی کالایە..لە هەر ئاستێک دابێت.لە دەروونی کۆمەلگادا هەموو شتێ پێناسەی گۆرراوە. ئەگەر باس لە شۆرش بکەی بە نموونە دەبێ یەکەمجار پێناسەی بکەی مەبەستت چیە لە شۆرش. لە دەزگای فکری کارمەندانی وولاتانی سەرمایەداری شۆرش پێناسەی ئەسلی خۆی وەرگرتووە، گۆرانی چۆنایەتیەکانە. چەک، توند و تیژی، کوشتن و برین ، داگیرکردنی غەیرە یاسای لە بەین چووە( لە دەزگای فکری زۆرینە). دیکتاتۆریەتی لە فەرهەنگی کۆمەلگا ( جا دیکتاتۆریەتی هەر چینێک بێت) کۆتای پێکهاتووە.
لەم کۆمەلگایەدا تحزب و مەزهەب و پۆلاریزاسیون لە دەروونی کۆمەلگادا بەرەو لاوازی دەچن.  لاوان جگە لە وەرزش، سێکس ، موزیک و شەوی شەممە گرانی خویندن و راکە راکەی ژیان و گوزەران..کەمتر کات بۆ کاریی تر دەهێلێتەوە. تەنها ئەگەر پۆلەتیک ببێتە خواستی کەسەکان، یان کار و پیشەی کەسەکان.بە حوکمی خوێندن یان پێویستیەکانی ژیانییان.
یەکسانی سێکس بە یاسای بۆتەوە، ژنان و پیاوان لە هەموو مەیدانەکانی کارو ژیاندا یەکسانن.هێشتا کەسانی بە فیزیک لاواز لە کۆمەلگادا هەرەشەیان لێ دەکرێ. کاری مندالان لە یاسادا قەدغەیە.بەلام لە واقع دا هەیە. ئازادی سیاسی فەرهەنگی بۆ هەمووان فەراهەمە. تەنانەت کەسێ ئازادی ئەوەی هەیە هێزی کاری نەفرۆشێ ئەگەر مجازەفە بە ژیانی بکا،لە هێندێ وولاتدا ( بەلانی کەمی ژیان بژی).
خزینی چینەکان وجودی هەیە، منداله زیرەکەکانی چینی کارمەندان، دەکرێ خاوەنکارەکانی دوارۆژبن.جیاوازی نێوان شارو لادێ کۆتای پێهاتووە،پێداویستە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بۆ ژیان و گوزەرانی مرۆڤ مەوجودن.تەنها مرۆڤە نەخۆشەکان گرفتی خۆیان هەیە، جیا لە گرفتەکانی کۆمەلگا. من لێرەدا باس لە کۆمەلگای ئۆتۆپیا ناکەم..

کۆمەلگا لە دەورانی بەجیهێشتنی کۆمەلگا ی کۆنە و بەردەوام بوونی کۆمەلگای نوێیە.هەموو سیماتە کۆنەکان هەروا مەوجودن. کۆمەلگای نوییش هەنگاو دەنێ. سنوور ، بازاری ناوخۆ بۆ خاوەنکاران مانای نیە، قازانج لە کوێ بێ سەرمایە لە وێیە. بەکوورتی سەرمایەی بۆرژوازی میللی ئەفسانەیە.راسیزم لە سنووری ناوخۆدا بۆ چاوبەستنی چینی کارمەندان هەروا برەوی هەیە.دوو قوتبی کۆمەلگا هەروا هەر بەردەوامی هەیە. ئەمانە لە رێکخراوەکاندا چەق بۆتەوە.
ڕێکخراوی خاوەنکاران زیاتر دەستیان ئاوەلایە، بە حوکمی وجودی زۆریان لە بەرێوەبردنی کۆمەلگا دا. دەولەت دە ولەتی ئەوانە، لەگەل ڕێکخراوەکانیان نفوزیان لە دەسەلاتدا لە ڕێکخراوەکانی کارمەندان زیاترە.
کارمەندان تەنها چەکیان ئیعترازە لە رێگای یاسادا، ئەمەش لە کاتی رازی بوونی زۆربەی ئەندامان و بەشداری مناسب دا دەبێ. کارمەندان ناچنە شەریکەوە دۆراوبن.
ئیگۆیزم(خۆپەرستی) هەموو کۆمەلگای گرتۆتەوە، کەس شەرم لەمە ناکات. لە هەردوو چینەکاندا. جیاوازی نێوان ئەم دوو چینە وا گەورە بووە کە هێندێ کەس بۆی هەزم ناکرێ.کۆمەلگای سەرمایەداری واوەتر چووە لە وەی کە بیری لێدەکراوە. زۆر ئاسانە بلێین چیتر لە سەرزەوی ناژین، نامانەوی سەرمایە لە پێداویستەکانی کۆمەلگا سەرف بکەین چونکە قازانجی نیە. بە کورتی هێزەکانیان لە دەسەلات و هێزی چینی بەرامبەر واوەتر چووە، هەموو ئەگەرەکان هیچ مادیەتیان نیە.کارمەندی ئەرستۆکرات بەشیکە لە رەزالەتیەکان.
ئەو رۆژە زۆر دوورە کە ئەمانە هەلگەرێنەوە، ئەگەریش هەلگەرانەوە، زەوی بە کەلکی ژیان نایی، بە نموونە کارمەندانی ناسا لە ئەمریکا یان کارمەندانی ناوەندە ئەتۆمیەکانی رووسیە و فرنسا و ئەلمان دەست بۆ ئامرازی شۆرشی کلاسیکی ببەن، چ بەسەر دونیا دادێ.....
هەموو زاراوە سیاسیەکان گۆراوون، وەکو ناوی ماددە کیمیاویەکان، مەبەست ناوەرۆکیان گۆراوە لە کۆمەلگادا.. ریفۆرمیزم، رادیکالیزم هەر لە بەرامبەر یەکدان بەلام مانای تریان هەیە.
دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادی، یەکسانی، دونیای باشتر، چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەلکی هەژار و کارمەندان، چەپ و راست لە چوارسالی هەلبژاردندا هەموو وێردی سەر زمانیانە، خەلکی ئاسای هەموو دەزانن، تەنها بۆ هاتنە سەر دەسەلاتە و هیچی تر. لەگەل ئەوەش زۆربەیان بۆ

دەنگدان دەچن. ئەم هەموو ئالوگۆڕە لە کۆمەڵگادا بووە دەکرێ هەر یەک وەلامی بۆ هەبێ، ئەویش نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە، بەلام شیوەی ئامرازی گۆڕانی حەتمەن دەبێ ئەویش بگۆڕێ..لێرەدا مەبەست لەمەیە دەبێ بیر لە شێوازی مۆدێرن بکرێتەوە لە کۆمەلگای شارستانیدا قابلی قەبوول بێ. بەشێوازی ئامرازی کۆن ناکرێ ناوەرۆکی کۆمەلگای نوێ دیگیتاڵ بگۆرردرێ.کە لەهامان کاتدا یەک ناوەرۆکی یان هەیە.یانی هێز فرۆش هەر زێدەبای دەخورێ، هەروا جیاوازی کاری فکری و بەدەنی هەر هەیە. مرۆڤ هەروا کالایە نەک هەر هێزی زۆر لەمەش زیاتر لە نێو شوشەخانەکانی پایەختەکانی وولاتانی سەرمایەداریدا. چینی کارمەندان ئێستا ناتوانن لە بەینی ببەن بەلام داوای چاکترکردن   و قەراردادی کارو پاراستنی ژیان و گوزەرانیان دەکەن.قازانج یەک زمانی هەیە ئاگر و خوێن. جینی کارمەندان بە هۆشیاریەوە بە پشتیوانی زانست و تەکنەلۆژیا و هەموو دام و دەزگاکانی فەرهەنگی و دینی گەشە بەمە دەدەن. سەرمایەداران مەکەزی هۆشیاری کۆمەلگایان لە دەست دایە. کارمەندان ئێستا لەگەل خاوەنکارێکی ئاوا دەبێ مامەلە لەسەر سۆسیالی ژیان و گوزەران بکەن.کارمەندان بە سیاسەتێکی عاقلانە لە مێژووی هاوجەرخ دا پشتیان لە ئیعترازاتی توند و تیژ و بە چەک کردووە. ئەمە ئەو فەزایەی بۆ سەرمایەداران نە هێشتووتەوە کە لە کاتی ئیعترازدا دەست بۆ چەک ببردرێ لە کاتی ئیعترازی غەیرە قانوونیشدا لە کۆمەلگای شارستانیدا.

لەکاتی خۆی مارکس گووتی ئەگەر لە بەریتانیا کاروا بروا ئەوا بەبێ دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا بە سۆسیالیزم دەگەین.ئێستا زۆر لە چەپەکانی هۆلەندای دەلێن ئەگەر بەرهەم بە راددەیەک بە یەکسانی دابەش بکرێت، با  دەزگاکانی بەرهەمهێنان لە دەست سەرمایەداران بێت، ئەوا مرۆڤ لە ژیانیکی شایستەتردا دەژی.

بە یاسابوونەوەی کۆمەلگا ئەم فەزایە خۆشدەکات مرۆڤ باشتر بەرهەم دابەش بکات. هەر ئێستا هێندی وولاتانی ئەوروپای بۆ مەسەلە سۆسیالەکان لە چاو ئەمریکا سۆسیالیستن...چۆن بێکاریکی وولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا لە چاو کریکاریکی سەنعەتی وولاتانی جیهانی سێیەم نەک لە چاو منداڵێکی کۆیلەی قەرز لە بنگلادیش لە خۆشترین ژیاندایە..ئەم دەستکەوتە بەرهەمی کێشە و ململانێی چینایەتیە. بە کورتی زۆر لە خالەکانی بەرنامەی لانی کەم جگە لە بە سۆسیال بوونی بەرهەم لە کۆمەلگادا بە پراکتیک بوونەتەوە.

چەپەکان  لە هۆلەندا لەم دواییانەدا چەند شعاریکیان دا بە نموونە،

شعاری قەسرەکانی مالی مەلیکە لە هۆلەندا دەبێ کەسە بێ خانەولانەکان بتوانن ژیان تیا

 بەسەر ببەن، یان سەرکردەی ئەمریکا دەبێ داداگای بکری بەرامبەر بە تاوانی دەرهەق بە شەر لەگەل عیراق دا.ئەمانە بانگەوازی رادیکالن و سەرەتای شۆرشی نوێنە لە کۆمەلگای شارستانیدا کە کۆمەلگا بە دیگیتال بۆتەوە..

.

ئەم باسانە زۆر هەلدەگرن، بۆ تەقاندنەوەی ناکۆکیە قوولەکان سەرەتایەکی بچوک بەسە...

**هۆلندا حوزەیرانی asohamed@hotmail .nl2005**

*چینی کارمەند لە جیاتی جینی کریکار بەکاردێنم لە نەزەری من هەر کەس هێزی کاری بفرۆشی لە بەرزترین پلەی زهنیش دابی هەر زێدەبای دەخورێ. جا لە هەر ئاستێک دابی.